# دەربارەی گفتووگۆی پارتی کرێکاران و داگیرکەری تورك

## هاوڕێ باخەوان

خەباتی باکووری کوردستان بە زۆر هەنگاودا تێپەڕیوە، ماوەیەکی زۆر خەباتی پارتی کرێکاران بۆ جوودابوونەوە بوو لە دەوڵەتی داگیرکەری تورك، بەڵام ئەوە ساڵانێکە پارتی کرێکاران وازی لەو دروشمە هێناوە و (هەوڵدان بۆ ملپێدانی داگیرکەری تورك بۆسەر مێزی گفتووگۆ)ی کردووەتە یەکێك لە ستراتیژە بەهێزەکانی.. ئەگەرچی ئەم دروشمە لەوانەیە بە ئاشکرا لە ئەدەبیاتیاندا دەرنەکەوێت، بەڵام لە ڕەفتارەکانی پارتی کرێکاراندا بە ڕوونی دیارە..

دیارە پەکەکە زۆر کاریشی بۆ ئەمە کردووە، ئەوانەی کە پێشتر پەکەکەیان پێ زۆرڕەو بوو کەم نەبوون، بەڵام ئێستا زۆرینەی ئەوانە پەکەکەیان پێ ڕێکخراوێکی تاڕادەیەك میانڕەوە.. تەنانەت ئەوانەشی تاوەکو ئێستا بە (تیرۆریست)ی دەزانن، ژێربەژێر لە پەیوەندیدان!.. لەوانە ئەمریکییەکان.

من هەردەم دژی گفتوگۆ بووم، چونکە ئێمە مێژوویەکی خراپمان لە گفتوگۆدا هەیە، دەبینین پاش تەواوبوونی هەر گفتوگۆیەك ماڵوێرانییەکی گەورەی بەدواوە بووە!، نموونەش زۆرە و باسکردنیان تەنها درێژدادڕییە. بەڵام ڕەوشی باکوور پێدەچێت بە جۆرێکی تردا بشکێتەوە.. زۆربەمان ئەوەمان لەلا ڕوونە کە پارتی کرێکاران هەزار ئەوەندە بە دیسپلین بێت، ئەوا ناتوانێت زلهێزێکی وەك داگیرکەری تورك بڕوخێنێت و بە پێچەوانەشەوە داگیرکەری تورك چەندی تر بەهێز و دڕندەتر بێت، نە دەتوانێت پێشمەرگەکانی باکوور لەناو بەرێت وەك چەندین ساڵە هیوای بۆ دەخوازێت و بەڵێنی ئەوە بە خەڵکی تورك دەدات، نە دەشتوانێت ورەی گڕگرتووی خەڵکی باکوور بهێنێتە خوارەوە!.. لەبەرئەوە دانیشتن لەگەڵ یەکدیدا ئەگەرچی باشترین چارەسەر نییە! بەڵام دەکرێت بگووترێت چارەسەرێکی (باش)ە..

دیارە ئۆجەلان هێمایەکی گرنگی پارتی کرێکاران و خەباتی باکووری وڵاتە، هەربۆیە ئەگەر داگیرکەری تورك هەر هەنگاوێك لەو ڕووەوە بنێت، ئەوا لە ئوجەلانەوە دەستپێدەکات نەك لە قەندیلەوە، ئەویش لەبەر زۆر هۆ، کە گرنگترینیان ئەوەیە کە داگیرکەری تورك لەگەڵ ئوجەلان، هەڵوێستی بەهێزی هەیە بەو سیفەتەی کە ئۆجەلان زیندانیی ئەوە، دووەمینیشیان نهێنپۆشیی گفتوگۆکان و باسوخواستەکانێتی کە زۆر گرنگە بەلای داگیرکەری تورکەوە، چونکە ساڵانێکە پارتی کرێکاران لای تیرۆریستە و چەندینجار بەڵێنی لەناوبردنی بە گەلی تورك داوە و ئێستا لەسەر مێزی گفتوگۆدایە لەگەڵیدا!..

دیارە من ئەم گفتوگۆیە بە دوور نازانم و لە هەندێك سەرچاوەوە ئەوەشم بەرچاو کەوتووە کە خودی کارایلانی سەرۆکی ئێستای پەکەکە پشتراستی کردووە.. بەڵام پرسیار لەوەدایە کە ئایا داگیرکەری تورك لەم گفتوگۆیەدا، لایەنی بەرامبەر وەك پارتی کرێکاران تەماشا دەکات یان وەك ئۆجەلان و دواکەوتەکانی!. تاوەکو لەو قەیرانی پێناسەی تیرۆر و بەڵێنانەی بۆ گەلی تورك خۆی ڕزگار بکات!..

بەدووری نازانم کارێکی لەو جۆرە سیناریۆکەی باشووری ئافریکا و نێڵسن ماندێللا دووبارە بکاتەوە بەشێوە کوردییەکەی و ئوجەلانیش ئازاد بکرێت و پۆستی گرنگ لە حکومەتی تورکیدا وەربگرێت، هەروەك ئەوەی لە ماندێللا ڕوویدا!..

ئەوەی زۆر گرنگە لەو گفتوگۆیانەدا کە بە تایبەتی لایەنی کوردی جەخت لەسەر بەشداربوونی چاودێرانی یەکێتیی ئەوروپا بکات، تاوەکو ئەو هەڵانەی لە کاتی گفتوگۆکانی باشووری کوردستاندا کرا، لە باکووریشدا دووبارە نەبێتەوە..

لاهای - هۆڵندا

٢٦-٠٨-٢٠١٠

hawreh@bakhawan.com

http://www.bakhawan.com